www.kurdistannet.org
22-1-2003 1:08

# قەیرانی (ڕاستیە سادەکان) لەسیناریۆی ڕەشەی پۆلیسدا. .

ئیسماعیل حەمەئەمین

زۆرم پێویست بەکات بوو بۆئەوەی ئەم دێڕانە بنووسم، زۆریشم دەویست دان بەخۆدابگرم و نەنوسم، وازبێنم ئەم تراژیدیای بیرکردنەوەیە بەلامدا تێپەڕبێت. ئەم سەبرکردنەش هۆکاری ئەوەبوو کەدەبوایە موتابەعەی هەموو ئەڵقەکان بکەم و دووایش ئەو برادەرانەی لەسەریان نووسی بخوێنمەوەو دواجاریش دانیشتنە (چایخانە ئامێزە) کەی (کوردسات) یش موتابەعە بکەم، بۆ ئەوەی نەکەومە هەڵەی بیرکردنەوە لەدنیای ئەو زنجیرەنواندنەی کە (حسێن میسری) دەریهێناوەو سیناریۆی بۆ نووسیوەو کۆمەڵێ هونەرمەند لە نواندا بەشداریان تێدا کردبوو، کەبەگشتی لە ڕووی دەرهێنان ونواندنەوە ناتوانم شتێکی ئەو تۆ بڵێم، هاوڕیانی ئازیزم (کاک حەمەسدیق و هۆرین و ئیبراهیم چێوار و شوان عەتوف و هیوا فایەق) ڕای خۆیان لەم بارەیەوە لە هەفتەنامەی هاولاتی گۆڕیەوە. بەڵام. . . لەڕووی بیرۆکەکانی ئەو دیوو دەقەکە و هەڵسوڕانی فیگورەکان و جیهانبینی سیناریستەوە قسەدەکەم، کەپێموایە سیناریۆی خراپ و نواندنی باش سەرجەم بەرهەمەکە، دەکات بە دوودڕبەیەکی ترسناک و سەرجەم کارەکەش دەخاتە ئاستێکی گومانەوە، لەو بڕوایەشدام ئەم گومانە لایەنی تەکنینک و نواندنیش دەشوێنێ .

مرۆکان، ئازیزم، کاکی سیناریست ( حسێن میسری) هەر تەنها سەیری جوڵەناکەن و چێژلە ئاوێنەبوونی و پێچەوانەیی وێنەیی دووەمی خۆیان نابینەوە لە نواندنەکاندا، بەڵکو بەدوای جۆرێک لەڕیالستیدا دەگەڕێن کەدەربڕین بێت لە خەمەکانیان و جۆرێکیش بێت لە و ڕیالستیەی ڕەخنەگرانە بێت لەسەر ئاستی (هونەری) نەک ئیدۆلۆژی.

من دیسانەوە جەخت لەسەر ڕیالستی و دنیابینی ڕیالستانە دەکەمەوە و لەو گۆشەنیگایەوە دەستپێدەکەم، مادامەکی سیناریۆ و بەرهەمەکە هەوڵدەدات زیاتر ڕیالیست بێت و ڕووداوەکانی لەنێو ڕیالستیدا کارپێبکات و فانتازیا و پەلاماردانی دنیاکانی دیکە لە کەسەکاندا لەو نواندنەدا و لەو چوارچێوەیەدا دیاریکراو بێت. ئەوا منیش لەم پرنسیبەی سیناریۆکە هەڵەبینیەکانی دنیای کوردیت لەو سیناریۆیەدا بەکورتی دەخەمە بەردەم گفتوگۆ، بێگومان دەتوانم زیاتر بەڕوونکردنەوەو نمونەی زۆرەوە لەم بابەتە بدوێم و خاڵ لەدوای خاڵ ئارگومێنتیزە و حونجەتبازکردنی بیروڕاکانم بکەم، بەڵام بەهێواشی و زمانێکی سادە و دوور لەچەمک و هەندێ بیروڕادەدەوێم، بەهیوای ئەوەی بیروڕاکانم گفتوگۆ لەگەڵ زۆربەی خوێنەراندا بکات و لەسەر ئاستێکی گشتی بدوێ.

سەرسوڕهێنەترین پرسیار لەکاتی موتابەعەی ئەم کارە لەخۆم کرد ئەوە بوو : ئەم سیناریستە لەچ شوێنێکی دنیادا وەستاوە؟ بۆچی ئەوەندە کوێرە کەدنیای شتە سادەکان، دنیای ڕاستیە سادەکان نابینێ؟

پرسیارێکی دیکە ئەوەبوو: ئەم پیاوە کەئەم دەقەی نووسیوە ئەوەندە بێئاگایە یاوەکو مەبەستێتی بەو شێوەیە لەدیاردەکانی کۆمەڵی کوردی بڕوانێ و واقعی کوردی ئاوەها بە هەڵەوگەڕاوی و لنگەوقوچی نیشانبدات؟ ئایا بەهەقەت مرۆڤی کورد لەو چوارچێوەی نواندن و واقعی نواندنەکەدا ئاوەها دەژی و ئەوەش خەمەکانێتی ؟

پرسیارێکی دیکەش کەپابەندە بەو پرسیارانەی سەرەوە ئەوەبوو : ئەم هەموو شێواندنی دەمووچاو و واقعی حاڵ و جوانکردنی لایەنە دزێوەکان بۆچی و لەپێناوی چی و بۆچ مەبەستێک؟

دواپرسیار لەخۆمم کرد ئەوە بوو :کامە هێز لە پشت ئەم سیناریۆیەوە کاردەکات؟ کامە هێزی ئیدۆلۆژی یان کۆمەلایەتی ئەم بیروڕایانە پەسند دەکات؟

لەکۆتایشدا گومانم لە ووشەیەک کرد لەپشت ئەو دەقە نوسراوەدا کاریکردبێت و دەقی بەرهەمهێنابێت، ئەویش ڕستەیەک نێوی (بیرکردنەوە بێت لەجیهان) ؟!!!

سەرەتا بابێنە سەرئەو کورتکردنەوەی کێشەکان بۆ نێوان دووهێزی شەڕو خێر، دووهێز کەلەچوارچێوەی خێزانێکدا لەدژی یەکتری کاردەکەن ولەنێو جەستەی کوردیدا کاری خۆیان بەپێی بیروڕاو بەرژەوەندیان، هەڵسوکەوتی خۆیان دیاری دەکەن. دیارە ئەم دابەشبوونە ڕەوایە گەر هاتوو بەتەواوەتی لەنێو چوارچێوەی سیناریۆیەکی تەواو ئیدیا ئامێزدا خۆی دابڕێژێت، ئەوسا هەموو ئەو تێچوونە هونەری و بەشەریەی لەو ٣٠ ئەڵقەیەدا خەرجکراوە بە فیرۆ نەدەڕۆیشت!!.

ئەمەش خاڵی قورسی قسەکردنمە کە زۆرانبازیەکان ئاوەها بەسەقەتی وپڕ ڕیاکاری بخرێتەڕوو، کەئەمەش هەموو توانای نواندن و هێلاکیەکانی خستۆتە مەترسیەوە!!، بۆنمونە بابێنە سەر باسکردنی کێشەی پۆلیسی هاتووچۆ لەکوردستاندا و بزانین تاچ ئاستێک برای نوسەر لەم ڕاستیە سادانە تێگەیشتووە: من پێمووایە پۆلیسی هاتووچۆ لە کێشەی گشتی جادە وڕێگە وبانەوە شێوازی دزێوی سوستێمە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان دەبینێت، تاوەکو ئەوساتە وەختەی خودی خۆی لوتی دەبێت بەلوتی کێشەکان ودەبێتە خۆراکی ڕۆژانەی. هەروەک چۆن خۆراکی ڕۆژانەیەتی. نامۆ بوون لە کار و شێوازی کارکردن و بەرنگاربوونەوەی کێشەکان بۆ پۆلیسێکی هاتوچۆوی ئێراقی و بەتایبەت کورد، سەبری ئەیوب و سنگفراوانی مەسیحی پێویستە، دەنا زۆر زوو دەکەونە کێشەی ئاوەهاوە کە ئەقڵ مەزەندەی ناکات. جارێ من مەزەندەی ئەوەندە ناکەم یەکێک نەبێت هەست بەو ڕاستیە سادەیە نەکات، کە پۆلیسێکی هاتووچۆ نەبێت لەئەمرۆی کوردستاندا، زیاد لەهەموو هاولاتیەک هەست بەدزێوی ئەو سوستێمە سیاسیە نەکات، کە ڕۆژانە ئەو لەکێشەدایە لەگەڵیدا !!. ئەو بەردەوام ئەو ناهەقیە دەبینێت کەبەبەردەمیی ئەودا سەمای شێتانەی خۆی دەکات، خۆ گەر (هیوا) ی فیگوری نێو سیناریۆکەی حوسێن میسری ئاشقی جادە و فولکەکان بێت، ئەوا لەهەمانپێودانگەوە دەبێت هەست بەو برینداریە بکات کەڕۆژانە ئۆتۆمبیلی لێپسراوان ئەو یاسایە دەخەنە ژێر پێلاوە، نەک بەو ڕەخنە نەرمە ناسکەبوەستێ، کەگوایە تەنها کوڕی هەندی لێپسراو و بەبێئاگایی باوکیان هەڵەی بچوک دەکەن!!.

من ئامۆژگاریەکی بچوکی هاوڕێیانەم هەیە بۆئەوەی بتوانی وەکو خۆت دەڵێت واقعی بیت و لەخەمی خەڵکیەوە نێزیکبیتەوە. ئازیزم هەر بچوتایە لەهاوینێکی گەرم ونیوەڕۆیکدا لەتەنیشت پۆلیسێکی هاتووچۆی بەرامبەر بەنیزخانەی کۆن ڕاوەستیتایە وبۆماوەی چارەکە سەعاتێک تەماشای جادەت بکردایەو گەر پێشتکرابا تۆزێک ئەو برادەرە پۆلیسانەت بدواندایە ئەوسا دەتزانی چ باسە. بەلام پێدەچێ تۆ زۆر لەوە خەمساردتربی نیوەڕۆ خەوی خۆت تێکبدەیت بۆ

دەقەکەت، چ دەبوو گەر چارەکە سەعاتێکی کورتت بۆ (ڕاستیە سادەکان) تەرخان بکردایە، لە پۆلیس هاتوچۆی (هیوا) ئاسات بپرسیایە موچەکەت چەندە؟ چۆنی وەردەگری؟ بەرێک وپێکی و کۆتایی هەموو مانگێک یاوەکو دەبێت تۆش لەبەیانیەوە لەبەردەم بانقدا ڕیزبگری و یاوەکو چەند جارێک لەتەلفیزۆندا باسبکرێ بۆئەوەی هەموو شار بەو حەیاچوونە بزانێ کەتۆ معاش وەردەگری؟ ئایا تۆش ئەی پۆلیسی هاتوچۆی هەژاری کوردی ( لەکاتی شت ئاودیووکردنی برادەراندا) سەری بەرزتت نەوی کرد بۆ موچە؟!! لێت بپرسیایە برادەر گیان (سەرای ئەوەی سەری بەرزت نەوی نەکرد بۆ موچە) ڕێزیان لێگرتی ولەکاتی پێویستدا ئۆتۆمبیلەکانیان لەکاتی ترافیکی سوورو دەستهەڵبڕینی تۆدا ڕادەگرت؟! ئایا بەهەقەت بەو معاشە کەمە دەتوانی بژی نەک ژنبهێنی ؟ یاخود گەر کچێکی ڕێکوپێکت دۆزیەوە بەکراسی بەریەوە شووت پێبکات و لەیەکتر تێبگەن، ئایا بەهەردووکتان دەتوانن لەچەپەکترین و دوورترین گەڕەکی شار ژوورێک بەکرێبگرن، کەپێشەکی دوو ژوور گەیشتۆتە چەندەها هەزار دینار؟!! ئایا بەهەقەت حکومەتی هەرێمی ناوبراو حورمەتی یاسای هاتووچۆ دەگرێت؟؟ ئایا هەست بەبریینداری ناکەیت کە پیاوانی حیزبەکان لەژێر هەر حونجەتێکەوە بێت (بێگومان گەر ئەو زاتانە بێزیان بێت حونجەت بهێنەوە) بەخێرایەکی تۆقێنەر و بێگوێدانە ئەوەی مرۆڤ بەسەر جادەکانەوەیە وپۆلیسێکی هاتووچۆ نوێنەری یاسایە، بەبەردەمتدا تێپەڕ بوون، لێت نەپرسیون لەو ساتەدا هەست بەچی دەکەن؟ بەختەوەری یاوەکو خۆشکاندنەوە ونامۆبوون لەوەزیفە و ژیان؟ لێت نەپرسی ئایا هەست بریینداری ناکەیت یاخود ئەوانە وکو تۆی سیناریست نیشاندت داوە ( کۆمەڵێ دیاردەی موخالیفن تەنها منداڵی مەسئولەکان وبێگوێدانە باوکە یاساپارێزەکانیان ئەم کارەدەکەن. . .) ؟.

گەر تەنها نیوەی ئەم پرسیارانەت لە پۆلیسێکی هاتووچۆ بکردایە ئەوا کاراکتەری هیوا ئەوەندە خەمسارد و بێگرێ نەدەبوو، هەر وەک ئەوەی ئێمە هەمووان لەبەردەم یاسادا ملکەچبین و پۆلیسی هاتووچۆش دوای ئەو هەموو بریندارکردنەی ڕۆژانە پێیدەکرێت و خۆی دەخواتەوە، ئەوەندە بێخەم نەدەبوو خەون بەوە ببینێ کەمنداڵان فێری ئاماژەکانی هاتووچۆ بکات، لەسەدا سەد ئەم پۆلیسەی تۆ بەزمانی خۆت (خاریجیە) ؟، ڕیالستر و باشتر دەبوو گەر هاتوو لەجیاتی ئەوەی یەخەی منداڵانی هەژار بگریت، کۆرست بۆ لێپسراوان بکردایەتەوە، کە لەبەعسەوە بەمیراتی لێخوڕینی تۆقێنەر و لەترافیکلادانیان بۆ ماوەتەوە!!

لەم سەرەتا سادانەوە هەست دەکەیت ئەم پرسیارانە جێگەی سەرنجی ئەم برادەرە نیە کەسیناریۆکەی نووسیوە، ئەو باس لە پۆلیسێکی هاتووچۆ دەکات کە لەدنیایەکی دیکەوە هاتووەکێشەی سەرەکی پۆلیسێکی هاتوچۆ ئەوەیە کەتەنها ژن بێهنێ، پۆلیسەکەی ئەو لەمەملەکەتی حوسێن میسیردا خەونی پەمەیی و کێشەیی نەرم وبچوکی هەیەو کێشەکانی ئێمەش لەوە نەرمتر و پەمەیی ڕەنگترە، وەک لەوەی ئاژاوەچیەکی، بەزمانی ئەو دیوو دەقەکەوە بدوێم ( خاریجیەکی، بێوەفایی، کۆنە بەعسی و هەڵاتوو و خائینێکی) وەکو من وزۆر برادەران ئیدیعای بۆ دەکەن.

بازیاتر بێنە ئەو دیوو هەڵسوڕانی کێشەی ( هیوا) وەک پۆلیسی هاتووچۆ بزانین حوسێن میسری دەیەوێت چ وێنەیەک پێشکەش بکات و چ بیرۆکەیەکمان دەربارەی زۆرانبازی پۆلیسێکی

هاتووچۆی کوردی پێشکەش بکات و خۆشی بێئەوەی بەخۆی بزانێت لەچ خانەیەکدا خۆی دەبینێتەوە:

کاک حوسێن دەیەوێت بڵێت: کەئیدی دیموکراسی و یاسا لەکوردستاندا بەرەو سەقامگیری هەنگاو دەنێت و چیدی لەسەر جادەکان کێشەی ئەو تۆ نەماوەو ئەوەندەش پۆلیسی هاتوچۆ حورمەتی یاساکانی دەگیرێت، بەو ڕادەیەی کە وەزیری ناوخۆ بەشەخسی لە ئەڵقەکەدا بەشداری دەکات و بەتەوازوعەوە دەیەوێت لەگەڵ پۆلیسێکی هاتوچۆدا گفتوگۆبکات و موتابەعەی مەسەلەکان بکات!!.

دەیەوێت بڵێت هەردوو مەفهومی هونەری نواندن و چەمکی یاسا وەک دووفاکتەری گرنگن لەدیدی حکومەت ولێپسراوەکانیان. لای ئەمان یەکەم : بەدەرکەوتنی شەخسی لێپسراوی حزبێکی سیاسی و وەزیرێک تەئکیدی لە پاڵپشتی ئەوان دەکات لە هونەر و لەدیووی دووهەمیشدا: ئەوان بەتەنگی هەموو پرۆژەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگەن!!، ئەمەش زیندوکردنەوەیەکی نەستی و بێئاگایی گوتەزایەکی زۆر بەناوبانگە کەپێدەچێت زۆرمان بیرمان چووبێتەوە ئەویش (للبندقیە والقلم فوهە واحدە) !!.

دیارە ئەم بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و وەڵامدانەوەی ئەم وێنەیەی کاکی سیناریست دەیەوێت بگەیەنێ لەکوردستانی ئێستا جگە لەسوعبەتێکی پێکەنینهێنەر نەبێت هیچی دیکە نیە!!، تەنانەت لەلای لێپسراوەکانیش خۆیان پێکەنینیان بەو وێنەیە دێت، بەڵام لای ئەوان بەهوشیاری شەیتانی حیزبیانەوە ئەم کارانە لە لیستی سیاسی کوردیدا دەچنە لیستی (بەرخوردەی جەماوەریەوە ( استهلاک جماهیری) .

براکەم. کاتێک تۆ نەتوانیت جیاکاری لەنێوان ئەم بەرخوردەجەماوەری و ڕاستیەسادەکانی کێشەی پۆلیسێکی هاتۆچۆ بکەیت، چۆن جورئەت دەکەیت دەقێکی سیناریۆ بنووسیت؟!!. دەق چ نەبێت ئیلتزاماتی ئەخلاقی خۆی هەیە، مۆراڵێک هەیە نوسەر دەبەستێت بەهەموو ئەو بەهایانی دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، تەنانەت گەر بتەوێت ڕادیکاڵانە لە ئەوبەهایانە بدەی. ئەمانە ئاوەها بەبازاڕی و مەهزەلە ئامێزانەو توانج هاویشتنە، ئەو ڕیالیستیە باس ناکرێ و خەمەکانی پۆلیسێکی هاتوچۆش، وەکو ئاماژەم پێدا لەهەمووان زیاتر ڕۆژانەبەر ئەو هەمو موخالیفانە دەبێتەوە کەبەناچاری و بەپێی کاری خۆی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

بەدرێژایی بیرەوەری وژیانمان لەم وولاتەدا، لەکاتی بەعس و کاتی حکومەتی هەرێمدا یەکەم کەس بەردەوام بەزستان و هاوین لەژێر باران و بەفرو هەتاوی سوتێنەری هاویندا ئەو بێحورمەتیەی دەبینی بەیاساو خەڵکی دەکرێ پۆلیسی هاتۆچۆبووە. پۆلیسی هاتوچۆ شاهید حاڵی ئەو هەموو بێحورمەتیەن بەدرێژایی مێژوومان بە خیابان ویاسای هاتووچۆ و مرۆڤی کوردی لەدوایشدا بەهەموو یاسایەک دەکرێت، باسکردنی ئەوان ئەوندە ئاسان نیە و هیچ مافی ئەوەشت نیە لە کەناڵێکی ڕاستەوخۆوە ئاوەها بەبێپەردە ورێزگرتن لە ئادابی گفتوگۆ وەڵامی خوشکێکی فەرمانبەریەتی هاتووچۆ بدەیتەوە، کەفەرمانبەر وپۆلیسی هاتۆچۆیەو هەست دەکات لەزۆر لایەنەوە ئەویگرتۆتەوە و لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ڕوانینی خۆت، بە ووشەی (سەهو) و (سەهووت) کردن و ناتێگەیشتن وەڵامی بدەیتەوە. من تێناگەم چۆن وەکو

هونەرمەندێک جورئەتی ئەوە دەکەی بەو شێوەیە قسەبکەی کەبەهەزارەها خەڵک لە هەموو دنیاو لە زۆر وڵاتی جیاوازەوە ئەو بەرنامەیان بەزیندوویی دەبینی.

ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە بەپێی کارەکایان کەنەدەتوانن بیروکرات بن و نەزۆر لەلایەن خەڵکەوە گلەییەیان لێکراوەو دنیایەک کێشەی خۆیان هەیە. ئەوان سەهو نین گیانەکەم، سەهو ئەو کەسەیە وێنەیەکی موزیەف بۆ مرۆڤێک دەکێشێ کەشەورۆژ لەبەر باران وهەتاودا کاری خۆی دەکات و ڕاستی و ئازاری ئەو دەشێوێنێ و دەیەوێت بەتۆبزی هیلاکی ئەوان بلکێنێ بە میهرەبانی وەزیر و گزیرەکان!!، هەروەکو چۆن بەعس دەیەویست هەموو کارێکی ئیجابی مەسلەکی وەزیفی بخاتە ژێر پێناسە و ئیلهاماتی سەرۆک و حزب و لێپسراوانی. ئازیزم ئەوان سەهو نین، بەڵکو تۆ لەغەفلەتی بیرکردنەوەدا دا دەژیت، ئەوان سەهو نین ئازیزم، ئەوان بەپێی ئەو مەوقعەتی کارکردنیان کەتۆ بێئاگایت لێوەی هەستیارترین کەسن و بەئاگاترین کەسن و دەزانن چی لەسەر جادەو شوێنەگشتیەکاندا ڕوودەدا، گەر هاتوو تەنها پرسێکت لە پۆلیسێکی (هیوا) ئاسادا بکردایە، نەک لێپسراوێکی ئەو دیوو مێزەکانی حیزب، ئەوا شوێناو مەوقعی خۆت دەزانی لەکێشەکان و دەشتزانی چۆن باس لەپۆلیسی هاتووچۆی کوردی بکەیت، بەڵام وەک ئەوەی ئاماژەم پێدا بیرکردنەوەی خودی خۆت لەقەیراندایە، پەردەدادانت بەسەر ڕاستیە سادەکان و دەمووچاوی دزێویەکان بەڕەخنەی ناسک و موجاملە دادەپۆشین نەدەبووە گفتووگۆی وێنەی ئەودیووی دەقەکەت. ئەو بیرکردنەوەیەت نەک هەر واقعی نیە، بەڵکو لە کێشەیەکی قوڵی خەمساردی وبێئاگاییدا دەتلێتەوە، خۆئەگەر گومانی ئەوەمان لانەهاروژێنێ کە بەئەنقەست و بۆ بەرژەوەندیەک ئەوەت کردووە.

دیارەنکوڵی لەوە ناکرێت کەزۆربەی لەدڵسۆزان و کارمەندانی هەموو جومگەزیندووەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە هەموو پلە وەزیفی و سیاسی و حیزبیەکانیشەوە خەمخۆرن و دەیانەوێت ئەو کۆمەڵگەیە نەکەوێتە ژێر پێخوسی کۆمەڵێ کۆنە میلیشیا کەئێستا دەیانەوێت ڕابوردووی خۆیان لە ژێر چەندەها پێناسەی دیکەدا بشارنەوە. خۆ ئەگەر ئەو هێزە نەبووایە چ لەنێو حیزبە سیاسیەکاندا و لەنێو کادرەکانیانداو و چ لەنێو مەسلەکی وەزیفی و تەواوی توێژە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەوا ئەو تەتڵەمیرانە (فەوزا) یە بەردەوامی دەبوو کەتراژیدترین وخوێناویترینیان شەڕی ناوخۆیی دوایی بوو. لەبەرامبەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە دڵسۆزە، هێزێکی دیکەی سیاسی و بیروکراتی هەیە داوای ئەوەمان لێدەکا بەردێک بخەینە سەر هەموو کێشەکان، ئەو هێزەدژەش لەپشت هەموو دیاردەکانەوەیە و هەوڵی شاردنەوەو داپۆشینی دزێویەکان دەدەات. ئەو هێزەدژە هەمیشە داوامان لێدەکات کە خۆمان لەبیربکەین بۆ ئەوان و ببین بەقوربانی هەڵەکانیان و مامەڵەی براگەورەیان لەگەڵدا بکەین.

ئەو هێزەی هەمیشە دەیەوێت ئێمە بێ بیرەوەری لەدایک بین، هەر ئەو هێزەیە لەپشت جوانکردن وڕازاوەکردنی دنیای ناشرینی ئێمەوە وەستاوە، پێت دەڵێت: گەر ڕەخنەت گرت، ئەوا تۆ دژی نەتەوەو کۆمەڵگە و زۆڵە کوردیت، پێت دەڵێت: تۆ دەبێت لەکاتی شۆڕشدا چاوبپۆشی لەهەڵە کوشندەکانمان چونکە ئێستا لە قۆناغی خەباتی پارتیزانیدان!!، لەدوای ڕاپەڕین پێماندەڵێت: باس لەموچە مەکە و واز لەئێمە بێنە با ملیۆن دۆلاری سنورەکان و

ئامێرەخزمەتگوزاریەکان ئاودیو بکەین، چونکە ئێمە شۆڕشمان کردووە و بەشاخەوە بووین، یاخود دەڵێن: ئێستا ئەوە مەسەلەیەکی لاوەکیە و دوایبخە بۆ کاتێک کە سەدام دەڕوخێ و سەیری مەسەلە گەورەکان بکە؟؟، ئەو هێزەیە پێت دەڵێت: ئێستا ڕەخنە لەحیزبەکەت مەگرە و دژی شەڕی ناوخۆ مەوەستە و باس لەبەرژەوەندی گشتی کوردی مەکەن، چونکە گەر وات کرد ئەوا حزبەکەی بەرامبەر ناوچەو نفوزی پەرەدەستێنێ و ئێستا بەرژەوەندی قۆناغەکە بخەرە نێو گیرفانی قوڵی حیزبەوەو لە کاتێکی دیکەدا باسی بکە!!. پێت دەڵێت: ئێستا باس لەڕابوردوو مەکە چونکە خەریکی پرۆسەی ئاشتین، مەپرسە بۆچی ئەمەمان کرد و بۆچی کوڕەکەت، باوکت، براکەت، مێردت، خوشکەکەت و دایکت لەم کارەساتەدا کوژاون، مەپرسە بۆچی ئەمە وئەوەو ئەویتر و زۆریی دیکە ڕوویاندا. مەپرسە و مەپرسە و دیسانەوە مەپرسە... ئەمانەو زۆری دیکە دوابخەن، بەڵێ دوایبخەن بۆ کاتێکی دیکە، بۆ ئەو کاتەی ئێمە پێتدەڵێین باسیبکە. خۆ ئەگەر هەر خۆت پێنەگیرا و باست کرد ئەوا بەم کەناڵەجۆراو جۆرانەی ئێمەدا تێپەڕ ببە و ئەو ڕەخنەیەشی دەیگری بابەشێک لە ( بەها باڵاکانی ئێمە) ئامادەبوونی خۆی هەبێت، ئێمەش بە ئسوڵەوەئەی هونەرمەند لەگەڵتدا بەشداری بەدەرخستنی کێشەکان دەبین بەو جۆرەی لەگەڵ سیاسەتی حیزبدا دەگونجێت.

لەم گۆشەنیگایەوە لێپسراوان لەنواندنەکەی حوسێن میسریدا ووردە ووردە و بەخشکەیی ئامادەبوونیان هەبوو، هەروەک ئەوەی ئەوان بیانەوێت لەداهاتووشدا جێگە لێژ بکەن بە هونەرمەند و ئەکتەرە بەتواناکان. هەروەک چۆن لە زانکۆکاندا ووردە ووردە کورسی پسپۆڕی و ئامادەبوونیان هەیە لە ڕاڕەوەکاندا، ئاوەها چاوچیسکۆیانە ئامادەیان هەیە ( ئاماژە بەوەی کە ژنەکەی چاوچیسکۆ چەندەها کتێبی بەنێوی خۆیەوە بلاّودەکردەوەو مافی لێکۆڵینەوەی زانستی دەبەخشی بەخۆی و کەگوایە نوسەر وتوێژەرەوە و زانایەکی بەتوانای کۆمەڵێ بواری جۆراوجۆرە) . ئاوەها لەئەڵقەکانی حسێن میسیرشدا، ئاماژەگەریانە (سیمۆلۆژیانە) و ووردە ووردە بەخشکەیی و پێدزییە وە خۆیان دەکەن بە زنجیرەی تەلفیزۆنی و لەوانەیە خۆشیان کردبێت بەشانۆشدا و وەکو چۆن لەڕۆژنامە وهەندێ گۆڤاریشدا هەندێکیان باس لەفەلسەفە و مۆدێرنە و پۆست پۆست مۆدێرنە دەکەن!!، ئیدی ئەمانە وەکو ڕەقیبی هەمیشەیی دەیانەوێت بەهەچ شێوەیەک بێت ئامادەییان هەبێت، مافی شوهرەت وخۆشەویستی ئەکتەریش بۆ ئەبەد لەداهاتوودا لەو ئەکتەرە خۆشەویستانە دەسەنرێتەوە، بەوەی کاتێک دەڵێین فلاّن ئەکتەری بەتوانا کەچەندەها ساڵە کاردەکا، دەبێت وەکو (حەفیزەهولاّ) و خوابیپارێزەکەی جاران، باس لەو چەند لێپسراو وپۆلیس و دەرجەدارانەش بکرێت کەلەتەنیشت ئەوانەوە کاریان کردووە.

ڕەشەی پۆلیس باشترین نمونەی ئەم دیاردەیەی سەرەوەیە، ئافەرین کاکی دەرهێنەر بۆ ئەو مۆدێلە جوانەی دەیهێنیتە هونەری نواندنەوە، ئافەرین بۆ ئەو موجامەلەیە. .

لەم کوێری ونەبینی ڕاستیە سادەکانەوە، برای دەرهێنەر و سیناریست بێئەوەی بەخۆی بزانێ خۆی پروپاگەندە بۆ هێزێک دەکات، کە دەیەوێت بەبێ یادەوەری لەدایک بین و هەمیشە داوای جوانکردنی دزێویەکان و دواخستنی تەرحکردنمان لێدەکات، ئەم هێزەی بەردەوامە لە خۆ دەرخستن و نێرگزیەتی ترسناکی خۆی و خۆی بە پۆشکاکانی هونەر وبیروڕا باڵاکان

دادەپۆشێ، چاوەڕێی ئەوە لەهەموو ئەدیب وسیاسیەکی جیدی و هونەرمەندێکیش دەکات، کەئەو وێنانە لەپشت مامەڵە ودەق وشانۆ و نوندان وزنجیرەی تەلفیزۆنیەکانیانەوە زەقبکەنەوە کەلەخزمەتی خۆیدایە، ئیدی ئەو هونەرمەندەشی دەبێتە کۆیلەی ئەو وێنەیە، ئەو هونەرمەندیە وئەدیب و سیاسیەیە کە نابێت دنیای (ڕاستیە سادەکان) ببینێت و دەبێت کوێر بێت لەئاستیدا.

تراژیدیایەکی ڕەشە کاتێک دەرهێنەرێک ئەم هەموو هەلآنەی بەردەمدا تێپەڕ بێت، دەبێت پرسیارێک بکەین، ئەویش ئەوەیە ئایا هونەری نوندادن لەو کۆنسێپت ودنیابینیەوە بەرهەمهاتبێ دەچێتە خانەی کامە پێناسکردنەوە، چۆن دەبێت پێناسە بکرێ ؟!، ئەم وەلآمە بۆ کاکی سیناریست و دەرهێنەر حوسێن میسری خۆی بەجێدەهێڵم.

خاڵێکی دیکە لەباسکردنی ئەو (نا-دنیابینیە) کوێرانەیەی سیناریست ودەرهێنەری (ڕەشەی پۆلیس) ئەو پرسیارە زەقدەکاتەوە، بەوەی ئەم هەموو شێواندنی ڕاستیانە لەکوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە؟؟، لەبوغزێکی بێئاگا و بێ ئارگومێنتیزەکراو یاخود بەمەبەستێکی دیاریکراو؟، لەهەردوو حاڵەتەکەدا یەک دەرئەنجام دەستەبەر دەبێت، ئەویش شێواندنی دنیای (ڕاستەسادەکانە) .

بەشێکی دیکە لەو شێواندن و قەیرانە، زەقکردنەوەی فیگورێکی نامۆ و ناشرین و تەیرێکی ڕەزاقورسە کەهەر لەسەرتای ئەڵقەکەوە قسەی سوک و تۆمەت و تانەی بەسەردا دەبارێ و هەموو خەڵکەکەش لەو ئەڵقەیەدا لە (ئاشتی) هاوڕێی نیزیکیەوە بیگرە تاوەکو (هیوا) و کیژەکانیش، خۆیان دەکەن بەسوپەری نیشتمانپەروەر و ئەویش هەمیشە کزۆڵەیەو ناتوانێ زۆر سەر هەڵبڕێ و هەمیشە خەریکی پۆزشهێنانەوەیە بۆ کارە نانەجیبەکانی.

ئەم فیگورە نارەسەنە، ئەم کوڕە هەڵگەڕاوە، چوختی کۆنە بەعسیە، کەبەدرێژایی ئەڵقەکان بەکراسێکی گوڵگوڵی و پانتۆڵێکی تەسکەوە، کەخودی حوسێن میسری خۆی ئەو دەورە دەبینێ بۆ ئەوەی ئەویش بە ڕاستەوخۆ وبەباشی سلبیاتی ئەو تەیرە ناشرینە نیشانی ڕۆڵەکانی نیشتمان بدات، هەمیشەبەکزی ولاوازی دێت و دەچێت و هەمووان وەک جۆرێک لە گونەهەکارو لامسەلا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، لەگەڵ ئەوەی دەعوەتەکانی قبوڵ دەکەن و دەیخۆن!!، سەرای ئەوەش هەمووان مافی ئەوە دەدەن بەخۆیان نەسیحەتی بکەن و گلەیی لێبکەن و تەنانەت تۆزێک توندیش بن لەگەڵیدا، بەلآم بەردەوام خوا بیکا بەخاتری ئەوەی میوانە، دەنا زیاتر ڕیسوایان دەکرد.

ئیدی ئەم فیگورە خاریجیە کەناوی (ئازاد) ە لە ساتەوەی دێتە نێو ئەڵقەکانەوە تاوەکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵەمانیا، یان خەریکی سەیران و مەیرانە، یاخود وەکو زەمانی دەقیانووسەکە دەیەوێت ژنی دووەهەم بێنێ، ئافرەتێک کەتەنها لەدوورەوە بینیوویەتی و دەیەوێت بەوشێوەیە و لەحزوری ژنی دووەهەم و دوومنداڵەکەیدا بەسەریاندا ژنێکی دیکە بهێنێ. لایەنێکی دیکەی ئەم پارادۆکسی جەهلە ئەوەیە کە ئەم (ئازاد) ناوە تەنانەت یەکجار بەسەرپێی دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆی و لەدەرگاکەوە (بێگومان ئەمە گێڕانەوەی ژنەکەیەتی) ئەحواڵیان دەپرسێ، تەنانەت نایەوێ منداڵەکانشی ببینێ!! . ئەو پرسیارەی مرۆ دوای ئەم هەموو ئەتوارانەی ( ئازاد)

ئەفەندی دەیکات ئەوەیە : خودایە، دەبێت ئەم وەحشە ناشرینە بەرهەمی کامە شوێن و زەمانێک بێت؟، لەکامە شوێن و زەمانێکدا ئەم هەمو ڕووە ناشیرینە کۆدەبێتەوەو چ تەیرێکی گولیش بەرەو ئەو داری ژەقنەبوتە هەڵدێ و بەسەریەوە دەنیشێتەوە؟؟.

تاکەوەلام، ئاشکرایە ئەو شوێنە ( خاریجە) بەمانا شەعبەیەکەی و هەندەرانە بەزمانە نەرم و ڕۆمانسیەکەی و بەزمانێکی دیش (مەنفا) و تاراوگەیە. پێش ئەوەی بێمەسەر هەڵەکاریەکانی بیرکردنەوەی کاکی سیناریست ( بێگومان گەر جورئەتی ئەوە بکەین ناوی سیناریستی لێبێنین) ، بەفرسەتی دەزانم، ڕۆشناییەک بخەمە سەر هەردوو چەمکی هەندەران و مەنفا، کەدووساڵ لەمەوبەر لە گوتارێکی وەلامدانەوەی برای نوسەر (فاروق ڕەفیق) لەمەڕ ڕۆژهەلاتناسی، لەگفتوگۆیەکی کراوەدا کەبەداخەوە بلاو نەبۆوە!!، باسم لەم دوو چەمکە کردووە، بەهەمان شێوەش بنیادی نەستی ئەو هەڵەکردنەم لەبیرکردنەوەوحوکمدان لەسەر ئەوانەی کەلەمەنفادا دەژین گەڕاندبۆوە بۆ جیاکاری نەکردن لە میکانزمی کارکردنی نێوەکی ئەو دووچەمکە، حەزدەکەم ئەم دووچەمکە ڕوونبکەمەوە، بۆ ئەوەی پاشان بێمە سەر ئەو هەڵە زەقانەی کاکی دەرهێنەر و سیناریست.

بۆ جیاکاری نێوان ئەم دوو ووشەیە، هەندەران و مەنفا دەتوانین بڵێین: ووشەکانی وەک هەندران و مەنفا هەمیشە بەپێی هێزی ڕووداوەکان لەسەرئاوکەوتن ونقومبووندابوون، وەکو هەموو وشەیەک لەماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا هێز یاوەکو کاڵبونەوەی خۆی لەسەر ئاستی گوتاری کۆمەلایەتی ڕاگەیاندووە، بۆ نمونە لەهەشتاکاندا ڕستەی [ ڕاکردن لەواقیع] پابەند کرابوو بە ووشەی هەندەران. هەندەرانیش وەکو مەفهومێک لەنێو بەشێکی زۆری نێوەندە ڕۆشنبیریەکە بەکاردەهێنراو بۆ دەستنیشانکردنی ئەوانە بوون خەباتی چەکداری سیاسی بەجێدێلن و بەرەو هەندران سەفەر دەکەن، پابەندکردنی بارێکی تایبەت، سەرەتایەکی دەلالی دەبەخشی بە ووشەی هەندران، بەوەی گواستنەوەیە لە شەڕەوە بۆ ئاسودەگی تاکەکەسی، پێست قوتارکردن لەمردن، ژیان دوور لەجەنگی هەڵگیرساو، نوستن لەنێو جێگەی گەرم و باوەشی ئافرەتە قژزەرد وپێست پەنیریەکانی ئەورووپا.

هەندران لەقۆناغی مێژوویی هەشتاکاندا ئاماژەیەک بوو بۆ بەرهەمهێنانی چەندەها ئاماژەبۆکراو، بۆ چەندەها خەونی وەنەوشەیی دوور لەفەوتاندنی جەستە، ئەوەی کەوای کردبوو تەنها هەندران (خاریج) لەئەقڵە کۆمەکیەکەدا زەقبکاتەوە پابەندبونی مەدلولەکانی قوتاربوون لەئاگرێکی هەلگیرساو، لەبەرئەو مەدلولە هەلاتووەی هەندران لەشەڕی بەرەنگاربوونەوە بەخۆیەوە گرتبوو، ووشەی مەنفای لەسەر ئاستەکانی ئەقڵی کۆمەلایەتی بەرەو خوار داکشاندبووە. یاوەکو دەتوانین بڵێین مەنفا لەو ساتە مێژوویەدا ووشەیەکی بێمانا بوو، هێزی فانتازیاکردنی لاواز بوو، ئەقڵی کۆیی لەبەر ژیان لەنێو شەڕدا نەیدەتوانی ئەوێ وەک مەنفایەک قبوڵبکات. ووشەی مەنفا بۆ ئەو شوێنە و ناشوێنەی پابەند بکرێت کەکەسەکانی دوورە وولات، ئەوانەی لەو دیوو سنورەکانی جەنگ و بەرەنگاری ژیان بەسەر دەبەن، لەژێر ئەو ووشەی مەنفادا پێناسەسازی بکرێن. .

ئەقلی کۆمەکی کەزۆربەی نەوەی ئێمە لەو زەمەنە ژیاوین، هەستمان کردووە هەندران دەرەوەی نەجاتبوونە و مەنفاش نیشتمانی پڕ شەڕ و جەنگ ونەگبەتیە، لەوانەیە تائێستاش ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەفۆرمێکی دیکەدا کاری خۆی بکات. یاچ نەبێت مەنفا دوورە لەماناکانی خۆشبەختی و پابەندە بەموسیبەتێکی سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە. هەرگیز لەو زەمەنەدا ئەقڵی کۆمەکی نەیدەتوانی پێکهاتە تاڕاوگەیەکانی دەرەوە قبولبکات، لەبەر ئەوەی بەراوردێکی قول و توندوتیژ لەنێوان هەنداران ونیشتماندا هەبوو، نەدەکرا بەهەندران بڵێن مەنفا لەبەر هەموو ئەو جیاوازیە مێژوویی وکۆمەڵایەتی وتەشکیلە سایکۆ کۆیەی لەنێوانیاندا هەیە، کەواتە هەندران جودایە و زەمەنی سایکۆلۆژی خۆی هەیەو لەهۆشمەندی کۆمەڵایەتیدا خەیاڵبەندیەک و فانتازیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، وامانلێدەکات زۆر بەئاگاییەوە لەگەل ووشەی مەنفادا تێزهاوێژی نەکەین و پێناسەو مەدلولەکانی مەنهەجیانە لێکجودا بکەینەوە.

بەپێچەوانەوەی مێژووی هەندەرانیشەوە، ووشەی مەنفا زۆر لەوە کۆنتر لە ژیانی سەختی مرۆیی کوردیدا بەکارهاتووە و تاڕادەیەکیش بەپێچەوانەی ووشەی هەندەرانەوە کەمتر خەیاڵبەندی کوردی هاروژاندووە. وێنەکانی خەیاڵبەندی کۆمەکی کوردی بۆ مەنفا پابەندبووە بەهەموو بارەکانی پەراوێزەکردن و چەوسانەوە و هێرشەدڕەندەکانی تەنیایی وبەندیکردنی مرۆکانە لەچوارچێوەی شارێک یاوەکو لەشێوەی مەحاڵبوونی گەڕانەوەی مرۆ مەنفیکراوەکان بۆ نێو ماڵ ونبیشتمان وشارەکانیان، ئەمەش وایکردیووە کاتێک یەکێک لە دەرەوەی ولات دەگەڕێتەوە، ئیدی پێناسەکەی پێناسەی هەندەرانی و خاریجیە و پێناسەی تاڕاوگەکراو و وێنەکانی مەنفا و وەک تاڕاوگەکراوێک لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە لەلایەن (کۆ-بیرکردنەوە) ، پێناسەیەکی نەگونجاودەبێت و بنەما تاڕاوگەیەکانی ئەم شوێنە لە یادەوەریدا هەڵدەوەشێتەوە. بەمشێوەیە مەنفا لە نەوەدەکاندا دەبێتە قوربانی ئەقلیەتی ئیدۆلۆژی هەشتاکان و دەتوانرێت تەنها لەچوارچێوەی پێناسەی هەندراندا قبولبکرێت.

ئەوەی کەدەمەوێت بەسەرمدا تێپەڕ نەبێت و باسی بکەم هەموو ئەو زیندووکردنەوەو گشتگیرکردنەی چەمکرێزکردنی هەندەران بوو لەدوای سالی **١٩٩١**ی دوای ڕاپەڕینەوە، ئەویش بەگەڕانەوەی کوردەکانی دەرەوەی وولات بوون بەهوروژم بۆ کوردستان و دیسانەوە فانتازیای کۆمەڵایەتیان پڕکرد بەوێنەکانی هەندەران، ئەو وێنەی پێستە ساف وژیانە بلوریانەی بەشێکی زۆریان باسیان لێوە دەکرد، یۆ ئێمەی هیلاک لەنیو ژیانی فیراری وپێشمەرگایەتی و دلشکاندن و بێپارە و گۆشەگیری وەکو مرۆیەک بیەوێت ئاسمانێکی دیکە ومرۆی دیکەو ووێستگەکانی دیکەی ئەم جیهانە ببینێ، سیحری خۆی هەبوو. سنووری وێنەکانی خۆشبەختیان لەفانتازیای کۆمەڵایەتیدا فراوانترکرد، دیارە ناشبێت ئەو خەلکە ڕاستگۆیانە لەیادکەین کەبەپێچەوانەوەی ئەوانەوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی دەرەوەی وولاتیان دەگواستەوە بۆ کەسە نێزیکەکانیان، بەلام لەبەر زۆری ژمارەی ئەوانەی چەندەها ڕستە و وێنەی دوور لەڕاستیان پێشکەش بە کۆئەقڵ

دەکرد، ئاکتوێلترین نمونە ئەو دیوو ڤیدۆ کلیپانەن کە لەگۆرانیەکانی کوردسات و کوردستان تی ڤی نیشاندەدرێ، کەگەنجەکان لە نێو ئاوریشم و کچی ئەورووپیدا تەنها خەمی ڕەنگاڵەیان هەیە، بەمەرجێک لەوانەیە لەدوای وێنەگرتن نەک هەر لەهیچ بوارێکی ئەو کۆمەڵگەی تێدا دەژی نەتوانێ ئەکتیڤ بێت، بەڵکو تەنانەت لەگەڵ ئەو کچەی بۆ وێنەگرتنیش هێناویەتی یان هاوڕێیەتی نەتوانێ چوار ڕستەی ڕێک و بێهەڵەی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە. ئەوانەش بەهەمان شێوە وێنەی هەندەرانە پەمەییەکەیە پەمپدەدەن، نەک تاراوگەیەکی ڕۆح وزمان وکلتوور و زۆر شتی دیکە. دیارە تەوژمی ئەوانەی ڕاستی ژیانی ئەوێ بەیاندەکەن تائێستاش گوێگرێکی جیدی بۆ خۆی لەنێو ئەقڵە کۆمەکیەدا نەدۆزیوەتەوە.

مێژوویەکی دیکە بۆ زۆرانبازی نێوان چەمکی هەندەران ومەنفا، سەرەتای نەوەدەکان بوو: لەکاتێکدا گەنجی کورد لەزەمەنی گەمارۆدا پارەی چایەکی لەگیرفاندانەبوو، ئەوان بەتوانایەکی مادی ترسناکەوە هاتنەوە و توانیان جارێکی دیکەوێنەی هەندران بەجودا لەمەفهومی هەڵاتن ئەکتیڤ بکەنەوە. ئەوسیاسیە بەجەرگانەشی لەهەشتاکاندا ڕەخنەی توندوتیژیان لەوانە دەگرت کەهەڵدێن، لە کۆتایی هەشتەکاندا بەمەفهومی خۆیان هەڵهاتن بۆ خاریج، ئەمە زێدەتر ئەو سیفەتەی هەڵاتنەی لەهەندەران کردوە و سیفەتەکانی خۆشبەختی زێدەتر تیژکردەوە، ئیدی دژە هەندارەنەکانی هەشتاکنیش بوون هەندەرانی. لەم ساتی بەریەکەوتنە مێژوویانەداخەیاڵبەندی کۆمەکی کوردی ووشەی هەندەرانی جارێکی دیکەی بەرهەمهێنایەوە.

دواخاڵ کەدەمەوێت بەسەرمدا تێپەڕ نەبێت ئەوەیە، ئەوەی بەختیارانەی هەندەرانی زەقکردەوە، وێنەی بیانی وئەورووپیەکان خۆیان بوو، هەر لەسیاسیەکانیانەوە کە بە [ بژی بژی کوردستانیانەوە ] تاوەکو ڕێکخراوەخێرخوازیەکان و ئەوانەی دیکەی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، تاوەکو کۆنسێرت وگۆرانی دیعائی بەسەر کوردا، هەموو ئەوانە زێدەتر وێنەی بەنێو خاریجیەکانی لەئەقڵیەتی کۆمەکی کورددیدا چەسپاند و پشت ئەستوری کرد، مەنفا و ژیانی تاراوگەش بەردەوام لەپێخوسی ئەو وێنانەدا لەکاڵبوونەوەدابوو، ئێستاش بەبەردەوامی لە و تراژیدیایەدا دەژی.

ئەم ڕوونکردنەوە سانایە زیاتر بۆ کاکی دەرهێنەر و سیناریستی (ڕەشەی پۆلیس) ە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بزانێت خۆی لەکامە کاتیگۆری بیروڕا کۆمەڵایەتیەکاندا دەبینێتەوە، بەو پێیەی کاری تەلفیزیۆنی وەکو شانۆ نیە دەبێت بەگشتی ڕاکانی نێو کۆمەڵگە و ئەقڵی کۆ بهاروژێنی وهەموو مەسەلە شاراوەکان بخاتە ئاستی ئاشکرایی، حەیاچوونەکان ڕاگەیەنێ و لەپشتیشیەوە هێزێکی تەفسیر هەبێت پشت ئەستوور بێت بەجیهانبینیەکی تایبەت. بەڵام کاتێک کارێک دەبینین قسەی سەرجادە و کۆڵانە، هەوڵنادات دیوی دووهەم و نهێنی ئەو ژیانە وەردەرخات یاخود دەرکی پێناکات، کاتێک هەموو شتەکان وەکو خۆی بۆ چێژێکی کاتی و نەرسیسیەتێکی کاتیە، تەنها ئاوێنەبوونی واقعێکی بینراوە، ئەو کارە هەموو مەشروعیەتێکی هونەری و بەهای ئەدەبی و ئیستاتیکای خۆیشی ووندەکات.

www.kurdistannet.org
22-1-2003 1:08

کاتێکیش کارەکە بەپێچەوانەی هەموو ڕاستیە سادەکانەوە ئەکتیڤە، کەئەمە دواداواکاریکردنە لەدەرهێنەر بەوەی شتەکان بە سادەیی دۆکۆمێنت بکات، هیچ گومانێک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێن کەئەم کارە نەک تەنها لەخانەی کارێکی هونەریدا پێناسە ناکرێ، بەڵکو نایەوێت ڕاستیە سادەکانیش وەک خۆی نیشاندات.

من لێرەدا تەنها دەتوانم بڵێم تەسلیمبوونی مرۆڤێکی هوشیار بۆ ووشەی هەندەران و نەبینینی ڕووە تاراوگەکراویەکانی ئەو جۆرە ژیانە، بوونتە بەقوربانی بیروڕاسادەکان کەمرۆڤەکان لەدەرکەوتن و بینین و سەتحیەتدا تەفسیری پەلەی پێدەبەخشن، لەوانەیە ئەمە لە هەموو کەسێک قبوڵبکەین، بەلاّم لەکارێکی هونەریدا جێگەی پرسیارە لەئاستی هوشیاری و جیهانبینی ئەو هونەرمەندەیە.

تراژیدیای کاکی سیناریست بەوە نەوەستاوە کە هەر هیچ چەمکێک لەمانەی ڕوونمکردەوە لەدوو دووتوێی فیگورێکی وەک (ئازاد) بەرجەستە بکات، نەخێر بەڵکو بەئارەزووی خۆی ڕاستیە سادەکانیش دەشێوێنێ. هەر وەک چۆن لە نیشاندانی ژیانی کوردی ئێستا و دزێویەکانی ژیانمانی بە وێنە و حیواری سەقەت جوانکردووە، ئەوەی ئەو ئەڵقانە ببینێ ئاوەهای بۆ دەچێ کە کوردستان لە مافی مرۆڤەوە بیگرە تاوەکو زەبتی یاسایی هاتووچۆ و دیموکراسیەتی کاکی وەزیر کەبەشەخسی ڕۆڵی ئەکتەرێک دەبینێت لەپێناو چەسپاندنی یاسادا، تاوەکو بەدەر خەستنی دەرجەدارنی وەزیفە (لەگەڵ ڕێز مدا بۆ شەخسی خۆیان و مەسلەکی وەزیفیان) . ئەمانە هەموو لەپێناو ئەودایە بڵێت. ئاها ئێمە خەریکی بیناکردنەوەین و ئەم هەمو ئازادی و مافی مرۆڤە چەندە بەرکەماڵە و تۆش ئەی خاریجی هاتوویت بۆ ئەوەی ناوی نیشتمان و کەست وخێزانەکەت لەکە دار بکەیت.

کاتێک هەست دەکەیت کە ئەگەر چوختیەکی وەکو (ئازاد) یش هەبێت و بێتەوە، بەو شێوەیە مامەڵە ناکرێت و شێوەکەی دیکە ئاشکرایە لەمامەڵەکردندا لەگەڵیاندا!!، ئەوا هەموو کەسێکی سادە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کەئەو توندیە لەگەڵ چەندەهای وەکو ئازاد دا زۆر ناواقعیە، هەر لەئەلقەکەدا جەماعەتی ئاگرکوژێنەوە دەعوەتی ئەو کۆنە بەعسی و خارجیە دەخۆن!!. لەبەر ئەوە سەیر نیە هەر لەو ساتەدا بکەویتە دژبەریەکی (ÖÌÇÑ) خۆتەوە. ئازیزم بەم هەموو دژبەبەکەیەی نێو دەقەی سیناریۆ کەوە نەک هەر ناتوانی تەجاوزی هەموو ئەو بیروڕاسادانەبکەی کە لە کۆمەڵگەدا و لە کەش وهەوای کۆمەلاّیەتیدا خولدەخۆن بەڵکو تووشی قەیرانیش دەبینیت لە بینینی ڕاستیە سادەکان.

دەرهێنەری بەتوانا هەوڵدەدا کێشەکان لەو ساکاریەوە بخاتە ئاستێکی کێشەداری و بەمەش خوێنەر و بینەر دەگەنە ئاستی پرسیارکردنی جدی لەو واقعەی هەموو ڕۆژێک بەردەمیاندا تێدەپەڕێت بەلاّم جیاکاری و خاڵە قورسەکانی نابینێت. دەمەوێت سەرنجت بۆ سیناریۆی (عائلە الحاج متولی) ڕاکێشم کەتەنانەت لە کەناڵێکی وەکو ZDF و چەندەها کەناڵی دیکەی ئەڵمانی و زۆربەی نێوەندە ئیعلامی و هونەری ئەورووپاو دنیا باسی لێوەکرا. لەبەرئەوەی لەوەتەی ئێمە هەین تەنها باسی ئەوەکراوە کەیان کچ بەزۆر بەشوودەردێت بەپیرێک یاوەکو پیاوانی چەند ژنە لە کێشەدا دەژین و کۆنترۆڵی ژیانیان

پێناکرێت. کەچی لەو ئەڵقە میسیریەدا کچە گەنجەکان خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بە مونافەسەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا شوودەکەن بەپیرەکان و ئامادەشن لەو پێناوەشدا شێوە ژیانی خۆشیان بگۆڕن، حاجیش لەبەر ئەوەی پارەدارە وەک کەڵەشێرێکی بەختەوەر لەنێو ژنەکاندا هەڵدەسوڕێ. ئەم قلێپبوونەوەی هاوکێشەکان لە واقیعدا کاتێک دەرکی پێدەکرێت کەنوسەری دەق و سیناریست ودەرهێنەر خاوەنی جیهانبینی و ڕۆشنبیریەکی فراوان بن و ئەو ڕستەسادانە دووبارە نەکەنەوە کەبینەر وخوێنەر لە ئاستی خۆیدا دەهێڵێتەوە، بەڵکو خوێنەر بەرزدەکەنەوە بۆ ئاستێکی گومان کردن لە هەموو ئەو شتانەی ئەو تاوەکو ئێستا بەئاسایی تێیگەشتووەو قبوڵی کردووە، دیارە داواکردنێکی ئاوەها لە سیناریۆی ( ڕەشەی پۆلیس) داواکرنێکی لۆجیکی نیە. .
کاکی سیناریست زۆرانبازیەکان نەرمدەکاتەوە بۆ دڵداری کچە مام و کوڕە مام بۆئەوەی ئەقڵیەتی فیودالی کوردی پێی قوتبچێت، بەبێ ئەوەی ئاگای لەوە بێت کە ڕۆژ نیە لەسەر ئەم جۆرە پەیوەندنیانە کێشەی گەورە دروست نەبێت، کە تەنها هەڵگەڕانەوەی کچ نیە لە باو ک و حەزکردنی کوڕە مام و کچە مام بێت، بەڵکو بواری خۆشەویستی و تەحداکردنی گەنجان لەو بوارەدا زۆر لەوە فراونتر و سەخترە کەتۆی بەناو سیناریست هەستی پێبکەی. کچ گەر لەماڵە مامی خۆیشی شووبکات، جورئەتی گەورەی ناوێت و کارێکی ئاساییە، گەر باوکیش ڕازی نەبێت سنووربەزێنی نیە، بەڵکو قبوڵکراوە مادامەکی مام لە کۆی سوستێمی عەشایری و ترادیسێۆنی موسڵماندا لەجیاتی باوکە. . خۆزگە بچویتایە بۆ دادگای سلێمانی ولەچەند مورافەعەیەکدا گوێگر بوویتایە بۆ ئەوەی بتزانیبا کێشەی دڵداری وژنهێنان لەچ ئاستێکدایە و سنووری خۆشەویستی و زۆرانبازیەکانی چەندە فراونن؟؟، یاوەکو بۆ ئەوەی بزانیت خاریجیەکان یارمەتی ژنەکانیان دەدەن یان نا، بچویتایە بۆ ئۆفیسەکانی پەیوەندی وحەواڵە و چەند پرسیارێکی سادەت بکردایە، ئەوسا ئەوەندە بە بێئاگا کاراکتەری ئازادی خاریجیت نەدەخوڵقان. بەلاَم بلێم چی خۆ تۆ وەکو کاک ئازاد ی نواندنەکەت خاریجیت ( هەرچەندە خۆشت پێرانەگیراوەو خۆشت ئەو دەورە دەبینی) و ئاگات لە دنیا نیە. .
من چیدی نامەوێت باسی زۆر لایەنی دیکە بکەم، بەلاَم چەند تێبینیەیکی پەلە لەمەڕ بەکارهێنانی ڕەمزیەت بەیان بکەم، کە بەسەقەتی بەکارهێنراون، وەکو بوونی باگردێنێک لە نواندنەکەدا کەنازانینی بۆچی لەژوورەکاندا بوونی هەیە !!، یاوەکو بوونی دەڕنەفیزەکان کە سیناریست ئەوە چەند جارێکە خۆی هەوڵی شیکردنەوەی تەلیسمی ئەم سمبولەی دەدات و تەفسیری پێ نیە، لەوەش خۆشتر ئەو وێنەی بەبێئاگایەوە لە پشت سمبولی دەڕنەفیزەکان شێوەباز دەکات ئەوەیە، کە ئیدی ئێمەی کوردی قوربانی ئەنفال، کە (دکتۆرە) لەنواندنەکەدا، وێڵ و سەڕۆ و سەرگەردان و بێ یادەورین و لە هەشتاو هەشت دەر نەفیزدا یادەوری ئەنفالمان بیر دێتەوە و ئەڵقەکەش کۆتایی دێت ...
خودایە تۆ بڵێی ئەم سیناریستە لە کوردستان لەدایک بوبێت؟؟!!، تاوەکو دنیا ئێمە ئاوەها لەکۆمەڵێ ڕستەی سادە و جوانکردنی دزێویی و نابینیاییدا نیشاندا؟؟، تۆ بڵێی ئەم زاتە

ئاگای لەوە بووبێت چیکردووە؟!، یاوەکوبەئەنقەست گاڵتە بە بینەر و ژیانی ئەوانەی لەناو وڵات و دەرەوەی وڵاتیش بکات؟!!

ئەم جورئەتە جورئەتی مرۆیەکە بێجیهانبینی، ئەوەی کە نەک ناتوانێ سنووربەز و تجاوزی ڕاستیەکی تاڵ بکات، بەڵکو ئەوەندە لاوازە کە ناتوانێ ڕاستیە سادەکانیش ببینێ. .

**٢٢ کانون الاول، ٢٠٠٢**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.**

**ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org